# مانگرتنی خوێندکارانی ئامادەییە پیشەییەکانی  سلێمانی

**تایبەتی بەناوەندی چاك سلێمانی:**



ئـەمرۆ 8 رۆژە خوێنـدکارانی ئامـادەییـە پیشـەییـەکانی  سـلێمانی دەسـتیان داوەتـە مـانگرتنو لەبـەردەم بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی چادریـان هـەڵداوەو بـەنیازن تـا جێبـەجێکردنی داخوازیـەکانیان درێژە بەمانگرتن بدەن.. بۆ ئەم مەبەستەش چاویان بەهەریەك لەنوێنەرانی، وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا کـەوتووەو وابرایـارە ئێـوارە ی ئـەمرۆ پارێزگـاری سلێمانی سـەردانیان بکـاتو لەهـەمان کاتـدا نوێنـەری ئـەو خوێندکارانـەش بچنـە دیـداری جێگـری سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێم (کۆسـرەت رەسـوڵ عـەلی) لەسلێمانی.

لە سەردانیکیاندا بۆ لای ئەو خوێندکارە مانگرتووانە بە بەرێوەبەری سلێمانی ناوەندی چاکیان راگەیاند:

داواکاریـەکانمان داوای یاسـاینو ئـەوە نیـە قـابیلی جێبـەجێکردن نـەبێت، کـەوا هـەمووی چەنـد خالێك لـەخۆ دەگرێت لەوانە:

1.چاکسازی کردن لە سیستەمی پرۆگرامی ئامادەییە پیشەییەکان کـەوا لـەگـەڵ قۆنـاغی ئیستادا گونجاو بێت، داواکارین کۆنفرانسێکی پیشەیی بۆ ئەم ئامانجە ببەسترێت.

2. وەرگرتنی خوێندکارانمان کە نمرەیان 60% بەرەو سەرەوەویە لە پەیمانگاکاندا.

3. وەرگرتنی خوێندکارانمان کە نمرەیان 75% بەرەو سەرەوەویە لە زانکۆکاندا.

4. وەرگرتنی خوێندکارانمان لە کۆلیژی (پۆلیسو سەربازیەکان)دا

5. خوێندکارانمان مافی وەرگرتنیان هەبێت لـە ئامـادەییـە پیشـەییـەکانی خوینـدنی بـاڵا دوای ئـەوەی لـە ئامادەییە پیشەییەکان دەردەچن بەوانەشەوە کە چەند سالێکە دەرچوون.

6. پێدانی سلفە بـە ئامـادەییـە پیشـەییـەکان، بۆ وەبـەر هێنـانی پرۆژەی بچوك لـە رووی پسپۆرییانەوە ئـەوبریارەی کـە سـەرۆکی حکومـەتی هـەریچمی (رابـوردوو) کوردسـتان  دکتۆربـەرهـەم بـۆ پێدانی سـولفەی گەنجانولاوان کوردستان دەری کردبوو،  دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکانیش بگرێتەوە.

7. زیادکردنی ماوەی خوێندن لە سێ سالەوە بۆ پێنج ساڵ بۆئەوەی بکرێن بە پەیمانگا.

شایانی باسە وێرای ئـەوەی مانگرتنەکـە هێمنانـەیـەو تـا ئیستا تـودو تیـژی لێنەکەوتووەتـەوە بـەڵام  پۆلیسو ئاسایشـی سـلێمانی دەوری خوێنـدکاراە مانگرتووەکانیـان گرتـووەو دیمـەنی مانگرتنەکـەی لـە روخسـارێکی شارستانیەوە گۆریوە بۆ دیمەنێکی سەرگوتگەرانە.


مانگرتنی خوێندکارانی ئاماده پیشەییەکانی سلیمانی


مانگرتنی ئامادەییە پیشەییەکانی خوێندکارانی ئامادەییە پیشەییەکانی سلێمانی


مانگرتنی خوێندکارانی ئامادەییە پیشەییەکانی سلیمانی